ئامادەکردنی مامۆستایانی بابەت:

-1سازان جوهەر حمە غەریب. ماموستا لە بەشی کارڕەبا.

-2سومەیە نەجیب خلیل . ماموستا لە بەشی کیمیا.

# مێژووی کورد

**ناوی کوردو کوردستان:**

زاراوەی کوردستان لە بنەڕەتدا لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە: (کورد+ ستان) (کورد) کە مەبەست لێی نەتەوەی کوردە و لە (گورد)ی فارسییەوە هاتووە کە واتای (ئازا) دەدات (ستان)یش پاشگری شوێنە لە هەندێ زمانە هیندۆ ئەو روپییەکاندا بە واتای وڵات یان نیشتمان دێت. کەواتە کوردستان بە واتای وڵاتی کوردان یان ئەو خاکەی کە نەتەوەی کوردی لەسەر دەژیت دێت

زاراوەی کوردستان لە سەرچاوەکاندا:

پێش ئەوەی زاراوەی کوردستان بۆ کوردستان بەکاربێت، ناوی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتووە وەک ( کاردا، کاردۆنیاش، کورتی، کورتا، کارداک، کارداکا، کاردۆ، کاردۆئینی، ئەکراد،...هتد. هەر یەک لەم ناوانە لەسەردەمێکی مێژووی جیاوازدا بۆ نەتەوەی کورد بەکارهاتوون. بۆ نموونە سۆمەری و بابلییەکان ناویان نابوو (کورتی)،ئاشوورییەکان ناویان نابوو (کورا قوتیوم) ڕۆمانەکان ناویان نابوو(قاردشۆی) یۆنانیەکانیش (قاردۆ) عەرەبەکانیش ناویان نابوو (بلاد الاكراد).

هەروەها وڵاتی کوردان تا چەرخەکانی یازدەو دوازدەمی زایینی بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش بووە وەک: 1- هەرێمی چیاکان .

2- هەرێمی جەزیرەی فوراتی.

3- هەرێمی ئەزەربایجان.

4- هەرێمی ئەرمینیا.

5- هەرێمی لوڕ

6-هەرێمی شارەزوور.

جگە لەمانە هەندێ هۆزو تیرەی کۆمەڵەی کوردی تر هەبوون، لەهەریم و شوێنەکانی دیکەی وەکو : وڵاتی فارس و خوزستان و وڵاتی شام دا ژیاون.

سەردەمانێکی زۆر مێژوو نووسە کوردەکان باوەڕیان وا بوو جوگرافیا ناسی ئێرانی(حمدوالله قەزوینی) یەکەم کەس بووە زاراوەی (کوردستان)ی بۆ وڵاتی کوردان بەکارهاێناوە, ئەویش لە کتێی (نزهە القلوب) لە بەشی جوگرافیاکەی لە سەدەی چواردە (16) جار بەکارهێناوە, بەڵام لە پاشان دەرکەوت کە بەر لە قەزوینی لەسەر چاوە سریانیەکان ناوی کوردستان هاتووە , هەندێ لە مێژوو نووسان ئاماژەیان پێ کردووە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سەلجووقییەکان دەرکەوت، لەسەردەمی سوڵتان (سنجر) لە ناوەڕاستی سەدەی دووازدەهەمی کۆچی، یەکەم خاوەن دەوڵەتن کە ناوی کوردستانیان هێنابێت.

هەروەها (مارکۆ پۆلۆش ) کە کوردناسێکی ئیتاڵیە و لەگەڵ رشیدین الهمدانی کە کتێبی (تارخ المغول) ی نووسیوە ئەوانە زووتر لە قەزوینی بە کاریانهێناوە لەسەدەی سێزدە .

بەهەر حاڵ سەرەتای بەکارهێنانی یەکەمی زاراوەی کوردستان تەمو مژاویە بەڵام ئەوەندە هەیە سەرچاوەکان دەڵێن ویلایەتێك بە ناوی ویلایەتی کوردستان دوای هێرشی مەغۆلەکان دامەزراوە , ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێت دیارە کوردەکان وڵاتەکەیان پێش کوردستان ناوی تری هەبووە .

## مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد :

***نەژادی کورد بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان:***

گەڵی گریمانەو بیروڕا هەیە لەبارەی بنج وڕەچەڵەکی کوردهەیە، لەوانەچەند تیۆرێک بۆ ڕەچەڵەکی کورد دیارکراوە وەکو:

ا- تیۆری گشتی (ئیسرائیلیات): ئەم تیۆرە بەهۆی کاریگەری ئەو چیرۆکە ئەفسانەییان لە تەورات و ئینجیل دا هەیە دروست بووە، بەپێی ئەم تیۆرە ڕەچەڵەکی کورد ەبردرێتەوە سەر جنۆکەکانی سەردەمی پێغمبەر سلێمان (علیە سلام)، ئەم بیردۆزە هیچ بنەمایەکی ڕاست و دروستی نیە چونکە ڕەگەزی مرۆڤ و جنۆکە جیاوازە.

ب- تیۆری عەقیدەی: ئەم تیۆرە پشت بەوە دەبەستێت کە هەموو ئادەمیزادێک دەگەڕێتەوە بۆ یەک باوک کە ئادەمە و لە دوای ئەویش نوح کورەکانی بەناوی (سام، حام، یافت)، بەپێی ئەم تیۆرە ئاماژە بەوە دەکرێت کە رەگەزی کورد بۆ (یافت)ی کوری نوح دەگەڕێتەوە، لە ڕاستیدا ئەم تیۆرە ئەفسانەیەو هیچ بنەمایەکی زانستی نیە.

ج- تیۆری فارسی: بەپێی تیۆری فارسی نەژادی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر نەتەوەی فارس بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرچاوەکانیاندا چەند پاشایەکی کۆنی فارسیان دیارکردووە بە باپیری گەوەرەی کوردیان داناوە لەوانە( ئەژدەهاک، ئەسفەنریار، ئەستیاک) هەندێکی تریش ئەڵێن کورد لە ڕەگەزی فارسییە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەک بکەن، ئەم تیۆرەش هەڵەیە چوونکە هەر مێژوو نووسێک سەردەمێک و کەسایەتیەک لە فارسەکان بۆ کورد یاردەکات.

د- تیۆری عەرەبی: لەم تیۆرە دا ڕەگەزی کورد بۆ تیرەی (عدنان) دەگەڕێتەوە کە لە نەوەی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم خلیلە (سلاوی خوای لەسەربێت)، گوایە دوای ئەوەی ناکۆکیان لەگەڵ تیرەکانی تری عەرەب دەبێت کۆچ دەکەن بۆ

ناوچە شاخاوییەکان و لەوێدا زمانەکەیان بیردەچێتەوە و فێری زمانی عەجەم دەبن. هەندێکیشیان ئەڵێن کورد لە ڕەسەنەکانی یەمەنن بە هۆی ژێرکەوتنی ناوچەکەیان بە ئاو لە شوێنی خۆیان کۆچیان کردووە، بەشێکی تریان ئەڵێن کورد لە نەوەی (عمر کوڕی عامر). هەروەک دەڵێت:

لعمرك ماكان كرد من أبناء أبناء فارس ولكن كرد ابن عمر بن عامر

***نەژادی کورد بەپێی مێژوونووسانی کوردو غەیرە کورد و ڕۆژهەڵاتناسەکان:***

1- زاناو مێژووزانی ڕووسی (مینورسکی) وای بۆ دەچێت کە کورد نەوەی میدییەکانە. ئەم ڕایەش پشگیری کراوە لەلایەن زانایانی وەک : نۆیدک و هارتمان ووێسباک.

2- زانای ڕووسی (مار) ئەوەی دووپات کردۆتەوە کەوا کورد دانیشتوانی ڕەسەنی چیای ئاسیای بچووکن وەک ( ئەرمەن، جۆرجی، خالدی ) لەشوێنی دیکە نەهاتوون. (مار) بنجی کورد دەبەستێتەوە بەنەتەوەیەک ناویان لە نووسینە کۆنەکاندا بە (کردۆخ ) هاتووە.

3- مێژوونووسی کورد (محمد امین زکی) لەکتێبی ( خلاڝە تاریخ الکرد والکردستان) کە بە دووەم سەرچاوە دادەنرێت لە ڕووی گرنگییەوە دوای ( شەرەفنامە) . ئەمین زەکی دوای گەڕان و پشکنین لە کتێبخانە و مۆزەخانەکانی ئیستەنبووڵ و ئەڵمانیا و فەرەنسا، سەرەڕای لێکۆڵینەوەکەی (مینۆرسکی) دەربارەی کورد،پاش چەندین ساڵ لە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بنجی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دوو چین لەنەتەوە:

یەکەم: ئەوانەی کە دانیشتووی کوردستان بوون لەسەرەتای مێژووەوە. واتە دانیشتووانی چیاکانی زاگرۆس کە نەتەوەکانی (لولو، کوتی، کورتی، جوتی،جودی، کاسای، سوبارى، خالدی، میتانی، هوری، نایری) ی کە ڕەچەڵەکی کوردانن.

دووەم: چینی هیندو ئەورووپییەکان، کە کۆچیان کردووە بۆ کوردستان لە سەدەی (10 پ.ز) لە کوردستان جێ نشین بوون لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کە بریتیبوون لە ( میدییەکان و کاردۆخییەکان ) و نەتەوەی کوردیان پێکهێنا.

کەچی ڕۆژهەڵاناسەکانیش پێیان وابووە کورد دەگەڕێتەوە سەر خالیدیەکان یاخود پارئەکان لە هەمووشیان گرنگتر و ووردتر ئەوەیە کە کاردۆخیەکان بە باپیرە گەورەی کورد دانراون.

کەواتە کورد گەڵێکی بەرچاوە و ئەدگار دیارو خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژ وخاوەن ڕۆشنبیری و مافی نەتەوەیی یە لەسێبەرێکدا وەک گەڵێک دەژین، کە پێویستە مافە مرۆییەکانی و ناسنامەی نەتەوەیی ڕێزیان لێ بگیرێت. لەئەنجامدا دەکرێ بگووترێ، کورد نەوەی نەتەوەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسن، ئەوانەی لە هەزارەکانی سێیەم و دووەم و یەکەمی پێش زایین لەزنجیرە چیای زاگرۆس ژیاون، هیندو ئەوروپینە لەخێزانە زمان و، ڕەچەڵەکیان (ئاری) یە بەواتای سپی پیستن، ئێستاکە دانیشتووانی باکووری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئێران وڕۆژئاوای سوریاو باکووری تورکیان.

## قۆناغەکانی مێژووی کورد:

### ١-*مێژووی شارستانیەت و دانیشتوانی کۆنی کورد:*

ئەو شوێنەوارو پاشماوەو نووسراوانەی کە لە کوردستان دۆزراونەتەوە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ لە کوردستان نیشان دەدەن . ئەوەی زیاتر ڕەسەنایەتی کورد دەسەلمێنێت، گێرسانەوەی گەشتییەکەی حەزرەتی (نوح) ە لە چیای جودی، بۆتە بەڵگەی ئەوەی کە کوردستان لانەی یەکەمی شارستانییەت وژیانە، یەکێ لەم بەڵگانەش دۆزینەوەی ئێسکبەندی منداڵێک و سێ پیاو، بەکۆنترین ئێسکبەندی مرۆڤی (نیاندرتال) ناسراون،کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (45-50) ساڵ (پ.ز) لە ئەشکەوتی شانەدەر لە چیای بڕادۆست، کە مرۆڤی کۆن بوون و لەو ناوچانە ژیاون پێش مرۆڤی هەشمەند و پاشماوەی لە شوێنی جیاجیای باکووری عێراق دۆزراونەتەوە.

هەروەها دۆزینەوەی کەل وپەلی کشتوکاڵی وەکو تەوری دەستی و شتی تر هەروەک توێژینەوەی شوێنەوارزانی ئەمەریکی (کاردو ) لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا شوێنەواری کوتایی چاخی بەردینی کۆنی دۆزییەوە، کە زۆربەیان ئامێری وورد بوون مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش دوازدە هەزار ساڵ . ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە خەڵکی کوردستان پێش هەموو مرۆڤێکی تر خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن بوونە هەروەك ئاشکرایە کە دانیشتوانی ئەوسای کوردستان یەکەم گوند بەناوی (زاوی چەمی) لە سەرەتای هەزارەی نۆیەمی زایینی ، لە نزیك چیای برادۆست و ئەشکەوتی شانەدەر دروست دەکەن ، کەواتە یەکەم گوند لە کوردستان بوو . لە دوای ئەمە ئیتر وردە وردە لە ناو چەکانی دیکەش لە گەڵ بەرەو پێش چونی ژیان و زۆر بوونی دانیشتوان گوندی دیکەش لێرەو لەوێ دروست کران لە گرینگترین ئەم گوندانەش گوندی (چەرمۆ)یە لە نزیك چەمچەماڵ لە کوردستانی عیراق هەروەها گوندی (نەمری) لە سنورەکانی باشوری شاری دهۆك لەم گوندانە دەست کرا بەکشتوکاڵ کردن و ئاژەڵ بەخێوکردن ، کەواتە یەکەم شۆرشی کشتوکالیش هەر لە کوردستان بوو.سەرەڕای چەندین شوێنەواری تر، کەبەڵگەن بۆ ڕەسەنایەتی و شارستانیەتی نەتەوەی کورد.

لە کوردستانی کۆندا چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی دیار هەڵکەوتوون لەوانە:

1- سوئییەکان : لەناوچەی سوپارتۆ، لەناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ.ز.

2- لولوبیەکان : لەناوچەی میزۆپۆتامیا بەتایبەتی لە دەشتایی زەهاوو شارەزوور.

3- کوتی : لەباکووری دەوڵەتی لولوبیەکان، لە هەزارەی دووەم و سێیەم، فەرمانڕەوایی عێراقیان بۆ ماوەی سەد ساڵ کردووە.

4- کاشییەکان : فەرمانڕەوایی کوردستانیان کرد لەنێوان سالانی ( 1595 -1162 ) پ.ز.

5- میدیەکانیش لە میللەتانی بە ناوبانگی کوردستانی کۆنن و لە سەرەتا دا ، تا ماوەیەکی درێژ هەر لە سەر شێوەی هۆزو تیرە ی بچوك دەژیان ، بەڵام لە سەدەی حەوتەمی پێش زاین یەکێك لە سەرکردەکانیان کە ناوی (دیاکۆ) بوو توانی

یەکیان بخات و دەوڵەتێکی بە هێز دابمەزرێنێ و شاری ئەکباتانا (هەمەدانی ئێستا ) بکاتە پایتەختی دەوڵەتەکە سنووری دەوڵەتی ماددەکان لە سەردەمی کەیخسرەو هەموو کوردستانی گرتەوە لە ساڵی (550 پ.ز) ئەخمەنییەکان ئیمپراتۆریەتی مادەکان دەرِوخێنن و ئیمپراتۆریەتی ئەخمەنی ڕادەگەیەنن.

2- *مێژووی سەدەی ناوەڕاستی کوردو پەیوەندی کورد بەئیسلامەوە:*

ئەم سەدەیە لەمێژووی گەلی کورد بە چاخی ڕاپەرینی نەتەوەیی دەژمێردرێت، بە قۆناغی زێڕین ناو دەبرێت بۆ گونجانی سیاسی و سەربازی و ڕۆڵی لەباریان لە رزگاری ئیسلامی دوای ئەوەی باوەریان بە ئاینی ئیسلام هێنا.

سەرەتاکانی پەیوەندی کورد بە ئاینی ئیسلام

جابانی کورد

جابان ناوی رِەسەن و دروستی گاوانە ، کە بە رِەچەڵەك کوردەو خەڵكی ناوچەی شارەزوورە ، بۆتە یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) ، واتا لە سەردەمی پێغەمبەردا ژیاوەو موسڵمان بووەو فەرمودەی لێ وەرگرتوەو فەرمودەی گێڕاوەتەوە ، بەهەمان شێوە کورِەکەشی وەك( رِاوی)یەکی فەرمووده ناوبانگی زۆری هەبووە .

* فەتحکردنی کوردستان لە سەردەمی خەلیفە عومەری کورِی خەتاب

ئەو دەمەی ئاینی ئیسلام دەرکەوت ، پرۆسەی فەتحی ئیسلامی دەستیپێکرد، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەشێك بوون لە دەوڵەتی ساسانی و ناوچە شاخەویەکانی کوردستان هەر لەلایەن دانیشتوانەکانیانەوە بەرِێوەدەبران. لە سەردەمی دووەم خەلیفەی راشیدی عومەری کورِی خەتاب (13-24ك/ 634-644ز)، عەرەبە موسڵمانەکان بەنیازی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام سنوری نیمچە دورگەی عەرەبییان بەزاند و بە هەرێمەکانی رِۆژهەڵات و رِۆژئاوادا پەلیان هاویشت و لە خاکی عێراقەوە گەیشتنە کوردستان.

لێرە بەدواوە دەڤەرە کوردنشینەکانی سەر سنوری عێراق بوونە گۆرِەپانی شەرِ و چەندین شەرِی گەورە لە کوردستان رِوویاندا، کە لە بەناوبانگترینیان شەرِی نەهاوەندە لە ساڵی( 21ك/ 642ز )دا، لە بەرگرنگی و بایەخی ئەم شەرِە ناویاننا (فتح الفتوح) چونکە لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی خاکی کوردستان کەوتە ژێردەستی عەرەبە موسڵمانەکان و ولآتەکە بووە بەشێك لە قەڵەمرەوی خەلافەتی ئیسلامی.

- میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسیدا

کوردەیەکان لە سەردەمی عەباسیدا رۆڵی سیاسی کاریگەیان گێرا لە ئاسیاو رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ئەویش بە دەرکەوتنی چەند دەوڵەت و مێرنشینێک کە خاوەن دەسەڵاتی سیاسی کاریگەربوون، وەک:

1- دەوڵەتی رەوادی .

2- دەوڵەتی شەدادی.

3- دەوڵەتی ئەحمەدیلی.

4- دەوڵەتی مەروانی.

5- دەوڵەتی ئەیوبی.

6- دەوڵەتی حەسنەوی.

7- دەوڵەتی هەزبانی.

***- دەوڵەتی ئەیوبی و رۆڵی رابەرایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی***

(ئەبوو موزەفەر یووسفی کوڕی ئەیوب) ناسراو بە (صلاح الدینی ئەیووبی) یەکەمین گەورە پیاوی کوردە کە لە هەموو جیهاندا ناسراو و بەناو بانگە، سەلاحەدین لەخێزانێکی کوردی سەر بە یەکێك لە هۆزە کوردییە ناودارەکان بە ناوی هۆزی ڕەوادی لە دایك بووە ، شوێنی نیشتە جێبوونی هۆزی ڕەوادیش لە نزیك شارۆچکەی دوین لە ئەرمەنستاندا بووە ، سەرەتا لە دژی فاتیمیان و دوایی لە دژی خاچپەرستان دەرکەوت و شاری قودسی پاش سەد ساڵ خستەوە دەستی موسڵمانان سەرلەشکری موسڵمانان بوو کە دەوڵەتی ئەیوبی لە سەدەی (12ز) لە سوریا دامەزراند کە تا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان فەرمانڕەوایی دەکرد بە خوراسان و میسر و یەمەنیشەوە ، بەڵام دەوڵەتی ئەیووبی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو ، بەڵکو لەسەر بنەمای ئایین دامەزرابوو.

دواترش لەگەڵ هاتنی سەلجووقییەکان زۆربەی مێرنشین و دەوڵەتە کوردییەکان بێهێزبوون و بەرەو نەمان چوون.

لەکاتی شەڕی مەغۆلەکان کوردستان تووشی گەورەترین وێرانکاری و زیان بوو، لەسەدەی (7) کۆچی و (13) ز تووشی چەوسانەوەیەکی زۆر بوو، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی کورد کۆتایی پێ نەهات و زۆر لە ئەمیرەکان فەرمانڕەوایی کوردستانیان کرد، بەڵام کوردستان ببووە گۆڕەپانی ململانێ و شەڕی نێوان جەلائیری و تەیمووری و قەرەقۆیپلۆ و ئەوانی تر.

### 3- مێژووی نوێ (هاوچەرخ):

لە ئەنجامی شەڕی (چالدیران) کە لەنێوان عوسمانییەکان و سەفەویەکان ڕوویدا، لەشکری عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و لەشکری سەفەویەکانیش بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی بوو لە (23) ی ئابی 1514 لە دەشتی چاڵدێران باکووری ڕۆژئاوای دەریاچەی (ورمێ) لەسەر خاکی کوردان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، بەسەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی پێ هات. دوای ئەم شەڕە بۆ یەکەم جار کوردستان لەمێژوودا دابەشکرا،بەشی ڕۆژهەڵاتی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەویدا مایەوە و بەشە زۆرەکەی تریشی کەوتە ژێردەستی عوسمانییەکان .

لەماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان و سەفەویەکان هەندێک لە مێرنشینەکان فەرمانڕەوایی کوردستانیان دەکرد لەوانە:

1- مێرنشینی بەتلیس.

2- مێرنشینی ئەردەڵان.

3- مێرنشینی بادینان.

4- مێرنشینی سۆران.

5- مێرنشینی بابان.

-هەندێ لایەنی پرشنگداری شارستانیەتی میرنشینەکان

هەریەک لەم مێرنشینانەش هەمیشە بەدرەوشاوەیی لە مێژووی پڕ شانازی نەتەوەی کورد دەمێننەوە، چونکە زۆربەی میرەکانیان هەوڵی سەربەخۆیی و یەکخستن و رزگارکردنی خاکی پیرۆزی کوردستانیان داوە، ویسوویانە وڵاتێکی سەربەخۆ و نەتەوەیەکی خاوەن دەسەڵات لەهەریەک لە ناوچەکاندا دروست بکەن.

لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلان چەندین کاری ئاوەدانکردنەوەو کۆشك و تەلار دروست کران و میرنشینی سۆران دەورێکی گرینگی لە دروستکردنی کارخانە ی چەك و تۆپ و هەروەها دەرکردنی پارەو دروستکردنی چەندین قەڵا بۆ بەرگریکردن . میرنشینی بابانیش دروستکردنی شاری سلێمانی لە سەردەمی ئیبراهیم پاشا بە گەورەترین دەسکەوتی ئەم میرنشینە دادەنرێت. هەروەها سەرهەڵدانی زمانی ئەدەبی بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و پێگەیاندی چەندین زاناو شاعیری کورد لەوانە نالی وسالم و کوردی. لە میرنشینی بۆتانیشدا چەندین بینای قوتابخانەو مزگەوت کراوە ، هەروەها دروستکردنی سکەو کەشتیگەل و کارخانەی تۆپ لەشاری جزیرە .

-هۆکارەکانی ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان :

هۆکاری سەرەکی ڕووخانی هەموو میرنشینەکان دەوڵەتی عوسمانی بوو کاتێك سوڵتان محمودی دووەم هاتە سەر تەخت ، بڕیاریدا هەموو میرنشینەکان لە ناوبرێن . هۆکارێکی تری ڕووخانی میرنشینەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەڕە زۆرانەی نێوان کوردو ئاشورییەکان موبالەغەکردنی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەورڕپا وای کرد وڵاتانی ئەوروپا لە سەر مەسیحییەکان بێنە دەنگ .بەمەش گوشاریان خستە سەر دەوڵەتی عوسمانی کە هەرچی زووترە هێرش بکاتە سەریان و کۆتایی بەو کوشتارە بێنی ،ئەمە بێجگە لەوەی میرنشینەکان هەرخۆشیان زۆر لاواز ببوون ، چونکە میرەکان هەر خەریکی ململانێ و دژایەتی یەك بوون.

## -کۆماری کوردستان لە مهاباد

کۆماری مەهاباد لە22ی کانونی دووەمی 1946 بە سەرۆکایەتی قازی محمد دامەزرا. لەگەڵ ئەوەی ئەم کۆمارە کەمتر لە ساڵێکی خایاند ، بەڵام چەند کارێکی گرینگی ئەنجامدا لەوانە بۆ یەکەمجار زمانی کوردی بە زمانی فەرمی ناوچەکە ناسێنرا ، هەروەها چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەردەچون .دواجار رژێمی ئێران بە یارمەتی ئەمریکاو بەریتانیاو ڕوسیا توانی شاری مهاباد داگیر بکات و لە 17ی 12ی 1946 کۆمارەکە بڕوخێنن و قازی محمدو هەڤاڵەکانی لە 1947/3/3 لە گۆڕەپانی چوارچرا لە مهاباد لە سێدارە بدەن .

**-باشوری کوردستان لە شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 تاکو نسکۆی شۆڕشی 1975**

شۆڕشی 14 ی تەموز ئەو شۆڕشە بوو کە لە ساڵی 1958 هەڵگیرسا لەلایەن کۆمەڵێك پارت و ڕێکخراوە عیراقییەکان دژی ڕژێمی پاشایەتی و دانانی ڕژێمێکی کۆماری ، لە کۆتاییدا توانرا کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی بهێنرێت و ڕژێمێکی کۆماری دابمەزرێ بە سەرکردایەتی (عبدالکریم قاسم ). عبدالکریم قاسم سەرەتا سیاسەتێکی باشی هەبوو بەرامبەر بە کورد بەڵام زۆری نەخایاند لە بەڵێنەکانی پاشگەز بەوە کە بەکوردی دابوو و کەوتە دژایەتیکردنی ، ئەمەش بووە هۆکاری هەڵگیرسانی  شۆڕشی ئەیلول بە سەرکردایەتی (مەلا مستەفای بارزانی ) لە 11 ی ئەیلولی 1961 . لەماوەی ئەم شۆڕشەدا چەندین سەرۆك کۆمار گۆڕدران لەوانە (عبدالسلام عارف و عبدالرحمن عارف)  و پاشان بەعسییەکان 1968 بەسەرکردایەتی (ئەحمەد حسن بکر )دەسەڵاتیان گرتەدەست .بەهەمان شێوەی عبدالکریم قاسم سەرەتا باش بوون بەرامبەر بە کورد داوای گفتوگۆیان دەکرد لە گەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ، لە دوایی هێرشیان کردە سەر کوردەکان بەڵام لە ئەنجامدا سوپای عیراق تێکشکا بۆیە دیسان داوای ڕێکەوتنیان دەکرد لەگەڵ کورد لە ئەنجامدا بەیاننامەی 11ی ئازار 1970 مۆرکرا لەنێوان ئەحمەد حسن بکر و مەلا مستەفای بارزانی کە لە 15 خاڵ پێکهاتبوو کۆمەڵیك بەڵێن بە کورد درا ، بەڵام تەنها نوسینی سەر کاغەز بوو نەك هەرجێبەجێ نەکران بەڵکو لەو ماوەیەدا دووجار هەوڵی تیرۆر کردنی بارزانی درا .

سەرکردایەتی بەعس دژی کورد کەوتەپیلان گێڕان لە گەڵ شای ئێران ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد لە 6ی ئازاری 1975 بەناوی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ئەنجامی ئەم ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییە مەلا مستەفای بارزانی بڕیاری وەستانی چالاکییەکانی دا بەو شێوەیە شۆڕش توشی نسکۆ بوو .